# لەدایکبوون

هیچ شتێك ناکرێت، هەمو شتێك لەدایك دەبێت - لەدایکبوونیش ماتێکی تۆڵەی خۆی هەیە


ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیریی گشتی ئازادە

ژمارە ـ ١ ـ سالّی ـ ١ ـ فبریوەری ١٩٨٧


ئەم لیلاوی درویە ئاورونکە رەوەی راستی دەویت،راستی دەلیین هەرچەندە تەنها بین،راست دەنوسین هەر چەند دژایەتیمان بکریت،راست دەجولیینەوە ئەگەر بشکوژریین.

ئەگەر تەنهایی ئیمە تەنهایی راستی بیت،راستی دەمینیت لەسەری تەنها بیت.ئەگەر کوشتنی ئیمە کوشتنی راستی بیت،ئەوا دەزانین چون دەمرین و خەلکیش دەزانیت چی دەکوژیت.ئەمە تاکە پشتە بو ئەو کەسەی بیەویت بەم جورە بژی.

## لەدایکبوون بۆ و چۆن؟!

● کۆنخوازیی یەکیکە لە فاکتەرە سەرەکیەکانی شەری یەکترکوژی و نەژادی سیاسەتی دەست بەسەراگرتن و پاککردنەوەی هیزو تاقمی بی هیز تر.

● هەر هەولیك شانی لەسەر ناوگورین دابات هیچ نابیت جگە لە کاویژکردنەوەی کۆن نەبیت. چونکە کارکردن بە هەمان باوەرو پەروەردەوە هەر لە کەناری کۆنا خۆی دەبینیتەوە.

● مەسەلە ئەوە نیە خومان بە کوشت بدەین مەسەلە ئەوەیە چون و لە پیناوی چی دا دەبینە قوربانی. ئایا ئاکامی ئەوەی دەیکەین چیە و چی دەگەیەنیت؟

● ئەگەر مەسەلەی کورد بەبی دیموکراتی نەتوانریت ئامادە بکریت،ئەوا دیموکراتیش بە بی مەسەلەی کورد نایەتە سەر کار.

● ناتوانین سەرکەوتن بەدەست بهینین ئەوجا باسی دیموکراتی بکەین،چونکە سەرکەوتنەکە خوی بە بی دیموکراتی نایەتە دی.

● لەبەرئەوەی مەسەلەی کورد یەکیکە لەمەسەلە تیکپچراوەکانی جیهان ئەوا کورد لە هەموو کەسیك زیاتر پیویستیی بە دیموکراتی و قاچ راکیشان و گفتوگو هەیە لە سەر مەسەلەکان.

بۆ ل ٢

## شیوەی کومەلایەتی مەسەلەکان

● شەهید لە هەر ریکخراویکا خەباتی کردبێت ، شەهیدی میللەتەکەیە و لە سەر دلانە. ——— حەمەی فەرەج و خەبات و قوربانی

● هەموو نەوەیەك پیناسەی خوی پیێیە وهەولێ بەردەوام پێ دانی ئەدات. ——— لاجانگ و دوو زەمەنی جیاواز.

لاپەرەی ٣

## بیرو باوەری ئازاد

● ئەگەر وەلامی میژومان پی نەدریتەوە ئەوا بۆ ئەمروش وەرام نیە. ——— سەباحی غالب

● حیلمەتیکی تیایە کە دوژمن ئەوەندە دژایەتی زمانەکەمان دەکات. ——— میر حاج

● کومونیستەکانیش بەو سوسیالیزمە دەستیان پی کرد. کە پەنجا سالە شیوەی رەسمی وەرگرتووە ——— هەڤالّ خەجۆ

لاپەرەی ٤ و ٥

## شیوەی ئەدەبیی مەسەلەکان

● بانە ... بانگی ئازادیە.
بانە ... ئاهەنگی شادیە. ——— شیعر : کەمال میراودەلی

● ریچاردو روز و شیرکو بیکەس لە دوو هونراوەیان دا. ——— رزگار عبد الله

● مەجید نەدیم ، ژیانی و چەند بیرەوەریەك ———

لاپەرەی ٦ و ٧

## هەوالەکان چی دەگەیەنن

● یەکیتی یان گیرسانەوە. میکانیزمی روداوە سیاسیەکان. جولانەوەی ناوسنوقە داخراوەکان. ——— نالە

لاپەرەی ٨ و ٩

## بابەت

● "م ع" حەمەی حاجی محمود ———

● ریوی کاروان شکین ——— ● نوشتە و قەتران ———

لاپەرەی ١٠

کەماڵ
میراودەلی

# «بانە»ی شەهید

بـانـه
ژووانـگەی دلـدارانــه
بـانـه
بـەستەی دلـی تـویـه
بـانـه
ســوزی گیـانـی منه
هـەموو ریـمان بـو
بـانـەیـەو
بـانـه
ونــــــــه
× × ×
هاوار چ بـووه ؟
دەلیـن بـومـەلـەرزه هـاتوەو
بـانـه لـه نـاکاو روچووه
نا نا : خـەلکی دەلین بـانه
تـازه بوکیکه و زیـز بـووه
گـراوەکـەی گولـی سـوری بو نـەچنیوەو ،
لـەداخـانـا ، ئـەویش سـەری . . . هـەلگرتـووه
قـسـه زوره . . .
هـەنـدیـکـی دی دەلین بـانـه
کورپـەیەك بـوو شیـره خـوره
تـازه چـاوانـی هـەلدیـنـا
تــازه ژمـانـی دەپشکـوت
هـەرچی دەیـوت :
بـەسته و مـوژدەی ئـازادی بـوو
ســەرتـاپـای خـەنـدەی شـادی بـوو

بـویه ئـەهریمەن لـه داخا
رقـی دەرپـەرانـد لــه نـــاخـا
پـەنـجـەی قیـنی نـا لـەبینی
کـوتـایی هیـنا بـه ژیـنی
× ××
هـەندیکی دی دەلـین بـانـه
پیشـمەرگەیەکی دەمدم بـوو
تینویتی خوی دەخواردەوه
برینی خـوی لــه نـاو خویـنا
دەشـاردەوه
هـەرچـی گـرەی دوزەخ هـەیـه
هـەرچـی سـوپای ئـەریـمـەنــه
نـەیتـوانـی چوکی پـی دا دا
تـا هیزی فـاشـتی بــەغـدا
لـه پشترا خـەنجەری لـیدا
×××
روژیك جـەلادەکـەی بـەغـدا
روژیك خـوین خورەکـەی تـاران
روژیك هیتــلـەرەکەی تـوران



ســه د روژ نـەخشـەی مـەرگ وســەودا
ئـاخ : نـەخشـەی ئیمپریـالیـزم
ئـاخ : جـوگـرافیـای خـوین و بـریـن
ئـاخ : لافـاوی تــاوان و قـین
ئـاخ : فـاشیزم ،
گـەرچی سـەرتاپام بـرینه
هیشـتا سینگـم چیـای سـەخته
هیـشتا دەنـگم رەهیلـەیـه
بـەهیزی دنـیاش نـابـەزم :
سـەرم لـوتـکـەی هـەندرینـه
جـیی بـاوو بـاپیرم ئـیرەیـه
× ××
ئـەی تـریفەی مـانگی چـوارده
دەخیلت بـم پرشـنگ بـده
ئـەمشـو وادەی ژوانـم هـەیه
مـزگینی بـارانـه مــاچ ومـژینی لیوانـم هەیه
ئـەمشــو ئـەزمــونـی تـەمـەنـی ،
ئـه ڤـین و پـه یـمـانم هـەیـه

●●●

# دوو قەلای دوو شیعر

نوسینی :
رزگار عبد للـه

ریکاردو روز ـ ماموستاو شاعیرو شورشگیر سالی١٩٤٤له شیللی لەدایك بوه٠سالی ١٩٧٤، زینداني کراو دوای ماوەیەکی زور ئازارو ئەشکەنجەداني، بریاری ـ ١٠ ـ سال بـەندکردنـی درا٠ بەلام سالی ١٩٧٨ ئازادکرا٠ ماوەیەك دوای ئازادبوني فیزەی سویدی وەرگرت بـــەو نیازەی ولات بەجی بهیلیت ٠ بەلام سەفەری نەکردو بریاری دوایی ئەوه بوو کەلەگەل و ولاته ـکەی و تیکوشانی راستەو خوی دژ بە رژیمی دیکتاتوری ولاتەکەی دوور نەکەویتەوه٠ سالی ١٩٧٩ لەسەر شوستەی شەقامیکی سانتیاگو درایـــه بـــەر گـــولـلەی پولیس وشـه- هــید کـــرا٠

شیعری هەردەمیك، دەربرینـی خواست و ویژدان و ئایدیای سیاسی و فەلسەفی کومەلە لــه و ، سەردەمەدا. ت.س.ئیلیوت لەو بروایــەدا بوو کە ئەگەر شیعر لە قوناغی پیشووی هـــەر ٠ کومەلگایەك دا ، ئەرکی گەشەی کومەلایەتی نەبووبیت، ئەوا لەم قوناغەی ئیستا و داویش دا نای بیت٠ بویه دابران لەدەربرینیئایدیــای، کومەل لەهەر سەردەمیك دا ، وەستان و ئیفلاس بو شیعره له و سەردەمەدا ٠
ئەم دەربرینه یاخود شیعر ، له کومەلگـایەکه وه بو کومەلگایەکیتر ،ئەرك و ئامانجی جودا دەبیت ٠ لای هەندیك کومەلدا ، هونـــراوه ، ژوانگەی ئاشقانه٠سروشتیکی دلبەرەو بـونـی گولی لی دیت٠ له کومەلگایەکی تردا شـیـعر نان وئاوەو سکی گەدا تیر دەکات ٠ لای یەکیکی تر ،شیعر تفەنگەو لەدەست پیشمەرگەدایه هاو خەباتن ، هاو سەنگەرن، بەیەکەوه دەجــەنگـن ، مانو دەبن، بەلام نامرن ٠
لیرەدا مەبەستم ئەوەنیەکه هەر یەك لەم جــوره شیعرانه ، دەبیت تاك و بی وینه بیت لــه نــاو هەر کومەلگایەك دا یاخود گەلیك دا ٠ دەکریت هەر گەلیك شیعری دلداری و جوانیی ، بەرنگاری و هەموو جوره شیعریکی تریشی هەبیت بـه لام ، وای بو دەچم که هەر گەلیك ، له هەر سەردەمیك دا زیاتر پیویستی بە جوریك لەو جوره شیعرانه هەیه ،زیاتر پیوستی به جوریك له جورەکانـــی شیعره٠بو نمونه، شیعری ئەمروی کوردی دەبیت لەسەنگەر دا بیت ، چونکه گەل لەسەنگەردایــه ناکریت و درەختیکی بی بەریشه گەر له سەنگەر دابەزی ودوره پەریز لـیی دابنیشیت، ســەیـری پیشمەرگەو دوژمن بکات ٠
دەشکریت دوو نەتەوەی جیاواز له روی کومەلایه تیەوه ، لەروی جوگرافی و تەبیعەتی ســروشتەوه ، شیوەی دەربرین و ئامانجی ئەدەب و هونەرەیان رو له یەك شوین بکاو لەیەك پچیت٠ ئەمه کاتی لەو قوناغه میژوویەدا ، که کیشەی سیاســـی و پیشمەرگەیی و، پیشمەرگەیی و ئابوریيان لــه یەك دەچیت٠
بو زیاتر روشنایی خستنه سەر ئەم بو چـــوونه ، بەراوردی دوو کوپله شیعری ( ریکاردو روز ) شاعیری شیللی و دوو کوپله شیعری ( شیـرکــو بیکەس) دەکەین ٠ بزانین هەتاکام پله فورمـــی دەربرین و ناوەروکیان له یەکتری دەچن ؟

ریکاردو روز ، دەلیت :

لیـرەم
لیرەش دەمینم
لەگەل گـەل و خـەباتەکـەم
چونـکه خەباتم خەباتی هەمـــووانــه
مــن تـەنیا نیم و نــا شترسـم
× × ×
لــیرەم
لیرەش دەمــرم
قــەلەمیك لەدەستـمایه و
گــورانـیەکیش له دلـمـایه ٠

شیرکو بیکەس، دەلیت :

ئەوان هیشوویەك ئەستیرەی شین بوون
بو دواروژی کورد ئەجریوانەوه
ئەوانیش کیردی نامەردی و قین بوون
بو سەربرینیان ئەبریسکانەوه
×× ×
بەریگەی خوردا بەرەو ســەرکەوتن
کاروانـی سوری ئەم کوردوستانەین
ئیمەی نەترساو له شەوی مردن
هەر ئەبیت ئا لای سەربەستی هەلکەین .

( ریکاردو روز ) ئاشکرا دەلیت : پــــــیکەوه لەگەل هاوریکانمدا له ناو سەنگەردام و نـاترسم هەتا مردنیش جیی ناهیلم ٠ شیرکو بیکەسیـش لەکاروانـی خەباتا نەترسان و بەردەوام بـــوونی تا مردن دەردەبریت ٠ئەمه دەمان بات بو ئـەوەی ، که بلیین : له حالەتی دەرونی و بیری یەك مەسه لەدا دەژین ٠ لەم دەربرین و ئامانج لەیەکچونەی ئەم دوو شاعیرەدا ، نە ریکاردو ، سودی لـــــه شیعری شیرکو بیکەس وەرگرتووه نه شیرکو سودی له ریکاردو وەرگرتووه ٠
تاکه هوی له یەکچونی ئەم دوو شیعره ئـەوەیـه که **ئه م دوو شاعیره له دوو کومەلگادا دەژین که قونا غی میژوویيان لەیەك دەچیت٠ ئەم دوو شاعیره له دوو کومەلگادا ئەندامن ، که کیشەی سیاســی له کچوو پیشمەرگەییان هەیــه ٠ ○**

ئەمشو کیژە گراوەکەی خوم دیتە شاری ،
لیم دەپرسیت : کوا گولی سوور ؟
کوانی دیاری ؟
کوا خورپەی دل ؟ کوا خەنی گیان ؟
کوا بەهای ماچی بەهەشتی ؟
کوا بەلگە ی عیشقی بەهەشتی ؟
ئەی تریفەی مانگی چواردە
لەجیاتی من وەلام وەدە
گازی بکە دەزگیرانم
توولە نەمامی تەمەنم
ئامیزی شەوی زریانم
ئەمشو ئەمن بی زوانم
ئەمشو ئە من دەرویشیکی ،
نوقمی ژووانم
ئەمشو ئەمن نەخشەی زام و
مەشخەلی نویی کوردستانم
سەرنج بدە تیکرای جەستەم
گوی رادیلە بو دوا بەستەم
هەموو لە شەم چرپەی سوورە
مزگینی بارانە ماچ و مژینی لیوانم هەیە
تریفە یە ، گرە ، نوورە

هوونە ، دروشمە ، ئالایە
کراسی ئال و والایە
ئاهەنگە ، خەنە بەندانە
زەماوەندی کوردستانە .
× × ×
دەخیلت بم هەیڤی چواردە
تریفەت بیت ، پرشنگ بدە
ئەمشو کیژە گراوەکەم دیتە ژووانی
گاز دەکات لیم :
ژووانگەی ئەڤینی من کوانی
با تریفەت لە پارسڤا
خوینی گەشم داگیرسینیت
با دلدارە ئازیزەکەم بە دوو چاوی خوی
بیبینیت :جوگەو روبار
کەپرو هەوا ر
چیغ و دیوار
جادەو گورەپان و کولان
کوچە و بازارو دیوەخان
تیکرایی بانە
لە چاوەروانی ژووانا
فەرشی سوری پیشوازیە

ژووانگەی خووین و شانازیە
× × ×
بانە
ئەی خوشکی دیاربەکر
دەزگیرانی قەلادزی
سویند بیت بە خوین و بە ئاگر
بە بروایەی قەت نابەزی
ئەسرینی تو لەیاد نەکەین
برینی تو لەیاد نەکەین
زەماوەندی خوینینی تو لە یاد نەکەین
ئەی شاریکی تری شەهید
توش شەپولی تورەیی خوت
هەلرشتە ناو رووباری دل
توش بو نەورزی کوردستان
چاندت تووی هەزاران گول
× × ×
بانە : بانگی ئازادیە
بانە : ئاهەنگی شادیە
بانە : ژوانگە ی دلدارانە
بانە: خورپەی دلی تویە
بانە : خەونی گیانی منە
هەموو ریمان بو بانەیە و
بانەش
لە ناو دلا ونە .
× × ×

---

که من روژگار بە سەریا دام جلی مەینەت لە بەرما بیت
لە کویوە خوشی دەتوانیت بە دوکان و گوزەرما بیت

# مەجید نەدیم

مەجیدم لە سیتەك لە مالی شیخ لەتیفی حەفید بینی •ئەو کاتەی من دیم وام دەهاتە بەر چاو کە مروڤیکی ماندوە بەدەست ژیانەوە •زوری تری وەکو مەجیدی پەرەوازە لای شیخ لەتیف دەگیر-سانەوە ،کەشیخ لەتیف کوچی دوایی کرد ئەویش هیلانەی لی تیك چوو •

لە سەردەمیکی زوتردا ،لە ناو کوردا شاعیر بە نەگبەت دەناسرا •هەرکە بوترایە فلانەکەس شاعیرە ،ئی دی مانای ئەوە بو کە مروڤیکی نەگبەتە دیارە ئەمەش دەگەریتەوە بوئەوەی کە ئەگەر شاعیر فەرمانبەر نەبوبیت ،ئەوا خو کاسبیش نەبوە •لەناو کومەلیکی دواکەوتوی وەکو ئیمەدا کە لە بیست گوندا خوینەواریکی تیادا نیە دەبیت شاعیر چون بتوانیت بە شیعر بژی؟•

## فریزەرەکەی لەتیف هەڵمەت

سالی ٩٧١ مەسەلەی هەژاری لەتیف هەلمەت بو بە عەیبە بو ئەدیبان و خویندەواران•لە میهرەجانی شیعردا باسکراو داوای رزگارکردنی لەتیف کرا لە دەست هەژاری•

کەچی کە لەتیف کەوتە کارکردن لە روژنامەی العراق و پاش ماوەیەکی زور کەوتە ژن هینان و فریزەریکی کری،دەنگ و باسی دەولەمەند بونی لە تیف بلاو بوەوە،بەتایبەتی ئەوانەی حەزیان بەزەم کردنی دەکردلە پەناوە ئەم ئاگرەیان خوش دەکرد،دیارە شاعیر بەو چاوە سەیر کراوە کە بەکرینی فریزەریك ئی دی دەکەویتە ریزی دەولەمەندەکانەوە•

نالە

# دوا شاعیری قوناغی نەگبەتی

شاعیرە لاوەکانی ئەم سەردەمە بە هوی خویندنەوە ،بەتایبەتی دوای کردنەوەی بەشی کوردی لە کولیجی ئاداب دا ،خویان لە مەیدانی نەگبەتی ئابوری رزگارکرد•هەندیکیشیان خویندنی بەرزیان، بەدەست هیناوەو رنگە بە بورجوازیش بناسرین• ئەو روژنامەو گوڤارە کوردیانەش، دەرگایەکی بو کردنەوەو بەهرەمەندیەکەیان بو بە کار• بویە رەنگە هەلە نەبیت ئەگەر بلیین:

**مەجید نەدیم دوا شاعیری قوناغی نەگبەتی بوو•**

مەجید شاعیرکی بەهرەمەند بو ،بەلام بوی نەدەهات•نە هاوتەمەنی شاعیرە تازەکانی دوای حەفتا بوو ،نە زور کونتر بوو لەوان،بویە مەجید ،نەکەوتە ناو سەرهەلدانی تازەوەو کەمتر خەلکی نوی دەی ناسی• جگەلەوەش باری ژیانی وای لی کردبو کە نەی دەتوانی دیوان چاپ بکاو بی گومان هەر ئەم دیوان چاپ نەکردنەش دەبیتە هوی کەمیی بەرهەم لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە ،کە شاعیر خوی و هونراوەکانی نەکەویتە بە ردەمی جەماوەرو رخنەگر ،کەمتر دەرفەتی گەشە کردنی دەبیت •

نەدیم زوربەی بیعرەکانی لە دەفتەریکی گەورەدا نوسیبوەوە،زور جار کەلانەی لی تیك دەچو وەکو عەسابەی ئەسپ کوژراوی لی دەهات.ئی دی هەموو سەروەتەکەی ئەو دەفتەرە بوو دەی خستە بن بالی و دەروی،زور جاریش تاقەتی لیی دەچو لەم لاو لەو لا لیی بەجی دەما •

نەدیم کە دادەنیشت تاقەتی نەبوو هەستیت،کار و باری تەوالیت زوریان بو نەهینایە لەدانیشتن بیزار نەدەبو،کە نانمان دەهینا زور جار لە ناوەراستی ژورەکەدا سینیەکەم دادەنا ،مەجید هەردو چاوی یەك دوو جار راستەو چەپەی دەکردو هەردو پەنجەی ئەمسەرو ئەوسەری دەهینا بە لیوی خوارەوەی دا جوقەیەکی لیوەدەهات ئەتوت فەردە بەردە لە جیگای خوی نەدەبزوت•ئی دی بە ناچاریەوە دەبوایە سینیەکەم هەلبگرتایەو لە بەردەمیم دانایە ،ئەویش وەکو گول دەگەشایەوەو دەی گوت: ئی ئاوا ••سینی چون لەویوە دادەنریت؟

گیرفانی بەتال،بی سام و هەیبەتی دەسەلاتداری هەمیشەمیوانی مەجید بوون•هەربویەش لیی بیزار دەبون ومالە عەشایەر نەبوایە،مەجید بو مالی موچەخور نەدەشیاو لەناو کراسی قول کورت و بیجامەدا ، جیگای نە بوو•

بۆ ل١١

## کورتەی ژیانی نەدیم

شەمال جەمال

ناوی تەواوی،مجید محمود محمد ە لە سلیمانی لە دایك بوە،لە بنەمالەی شیخەکانی بەرزنجەیەو ناسناوی،نەدیمە•

نەدیم هیشتا منال دەبیت کە باوکی بو چارەسەر کردنی نەخوشیەکی کوشندە رو دەکاتە بیروتو هەر لەویش کوچی دوایی دەکات• دوای ماوەیەك دایکیشی دەمریتو نەدیم ئیتر دەکەویتە سەرشانی برا گەرەکەی:شیخ سەبری•ئەویش موچەخوریکی بچوك دەبیت،مەجید خویندنی سەرەتا-یی تەواو دەکات•شاعیر دەبیتە ئەندامی پارتی کومونیستی عیراق• چەند جاریك لەسەر سیاسەت دەگیریت و چەند جاریك لە کار دەردەکریتوسەرگەردان دەبیتەوە • ماوەیەکی زور لای شیخ لەتیف دەبیت و کەشیخ لەتیف کوچی دوایی کرد ئەمیش روی کردە بەغاو لەوی هەتا ماوەیەك لە ژیرقەرزی ئوتیلە کوردەکانا بوو پاشان لە روژنامەی هاوکاری دامەزرا هەتا لەم سالانەی دایی دا هەوالی مردنی بیسترا ،کە گوایە بوە بەژیر ماشینەوە ، ئنجا ئەمەش جیگای پرسیارە کە ئایا بوە بە ژیرەوە یاخود کراوە بەژیرەوە؟

شاعیر رووخوشو قسە خوش بوو ،دل پاك و داوین پاك بوو هەربویەش زوو خەلکی خوشی دەویست زور جار ئاموشوی گورانی کردوە•



# دڵگەورەکەی کامەران

بە پێی ڕۆژنامەی سەردەمی نوی، ٨٦/١٢/٧ دوا ڕۆژی ژیانی شاعیری ناسراو کامەران موکری بوو. کامەران ساڵی ٩٢٧ لە سلیمانی لەدایك بوەو هەر لەوی بە شەست ساڵی کوچی دوایی کرد.

کامەران چەند جاریك لە خەباتا زیندانی کراوە. ساڵی پەنجاکان دەوریکی گرنگی هەبوو لە تیکوشانی کوردایەتی دا ،ئەوەی لەودەمەدا ژیابیت سەنگی کامەران ناس دەکا ، موکری زور جار دەخرایە سەر شان یان لەسەر دیوارەکان، بە دەنگە بەرز و حەماسەکەیەوە، موعاناتی جەماوەری دەردەبری :

چاوم هەڵبڕی دیم ئەم میللەتە
دیمەنی ژینی قەنارە و پەتە
جا بۆیە ئەبێت پشکۆی تولە بم
قوربانی خاك وەهی ئەم خۆڵە بم

کامەران موکری مروڤیکی دل پاك و ڕەوشت بەرزو عاشق بوو. زور جار بە سەرهاتی خوش و گرنگی دەگیرایەوە، خاوەنی ئەزمونیکی زور بوو. کامەران دەیگوت لە موکریانەوە هاتوین بویە ناسناوی موکریم هەڵبژارد. کامەران چەند بەرهەمیکی لە دوای خوی بەجی هیشتوە،دیاری، ٩٧٥ ،ئاگرو ژیلەمو ٥٩، گولە ئەستیرە ٥٩، گولالە سورە ٦٨.

لەم دواییەدا لە زانکوی سلیمانی وانەی کوردی دەوتەوە.

هەمیشە لەناو قوتابیەکانا خوشەویست بوو ،هەر کە دەهاتە دەرەوە قوتابیەکان پورەیان لە دەور دەدا.

کامەران شایەنی ئەوەیە دەیان نوسین و پەراوی لەسەر بنوسریت، ڕوژنامەکەمان دەرگای لەسەر پشتە بو هەموو ئەو نوسەرانەی دەیانەویت لایەنیك لە لایەنەکانی شاعیری کوچکردومان بنرخینن. ٥

# توش کوژراوی سبەینییت

یەکیتی نیشتمانی لەژیر ناونیشانی شە هیدانی ئە م مانگەدا ئەم هەواڵەی بلاو کردوە :

لە ٨/٧ و ٨/٢٤ دا ،فروکەکانی بەعسی فاشست بوردومانی دولی جافەتیان کرد ،کە دەکەویتە نیوان ناحیەی کاریزەو قەزای دوکانەوە،ئەنجام شەهید کردنی ٩ هاوولاتی و پیشمەرگەیەك بوو

× عوسمان موحەمەد خوی و هەردوو کورەکەی، باوەشی،زاناو دانا ، ٤٠، ٥، ٧ ساڵ.
×مەندە سالح فەرماندەی کەرت .
× گولجین حەمە ئەمین .
×شەمسە، ٤٠ساڵ.
× مام خدر حەسەن، ٧٠ساڵ.
× شەهلا حاجی مستەفا ، ٥ساڵ.
× حاجی ئایشی پیروت، ٥٠ساڵ .
× ٢٧ کەسی تریش زامار بوون. الشرارة (٨)

**منال و پیرو دانیشتووش هەر دەکوژرین،توش کوژراوی سبەینییت،بترسە و بکەوەرە خوت کوردوستانیکی ئازاد ئەرکی سەرشانی هەموە.**



# ساڵی تازەتان پیرۆزبێت



**هە ستە لە خەو ئەی لاوی کورد**
**تی بکوشە بەدەست و بەرد**
**هاوار ئەکا دایکی وەتەن**
**وا گیان ئەدات پیا یا بگەن**

( فایەق بیکەس )

ئەم توپی زەویە تەنها بو دەسەلاتدارەکانی جیهان پچوك بوتەوە ،دەتوانریت هەوالیك یان فوتبولینیك لەیەك کات دا لەهەموو جیهاندا بیت . بەلام ئەم جیهانە بو بلوکێکی کورد کە خوی و کورەکانی باوەشی لەژیر شریخەی فروکەکانی ڕژیمە داگیرکەرەکانی کوردوستانا دینە کوشتن،زور گەوریە، هەر ئەوەندە گەورەیە کە کوردەکە خوشی نای بیستیت.

ئەم جیهانە دەلی‌ی ڕوباریکی هەستاوە، زور بە خیرایی دەڕوات، بەلام لە ناو ئەم جیهانە خیراییەدا ،ئیمە هیشتا پرخەمان دیت.

**با هەمو سەری ساڵیك ئاوڕو لە دریژایی**

**دوانزە مانگ بدەینەوە،بزانین چیمان کردووە؟ چیمان لابردوەو چیمان دروست کردوە؟ ئەوەی کردومانە یەعنی ئیمە، ئەوەی کردومانە باش ترین ئاوینە یە خومانی تیا ببینین.**

نامەی بو بنوسە، ڕەخنەی لی بگرە پیشنیازی بو بنیرە، بلاوی بکەرەوە،بە ڕوژنامەی خوتی بزانە،

ناونیشانەکەمان بەم شیوەیە بنوسە :

( لەدایکبوون )

BOX 25028
750 25 UPPSALA

ژمارەی بانك :

PK BANKEN
3039-48-74285
LADAIKBON



# تکایە!

× ـ ئەگەر دەتەویت ژمارەکانی ترت پی بگات، دەبیت پیش دەرچونی ژمارەی دوو پارەی سێ ژمارە بنیریت.

× ـ ئەگەر ناتەویت ژمارەکانی ترت پی بگات، تەنها پارەی ئەو ژمارەیە دەنیریت کە پیت گەیشتوە،
× ـ نرخی ژمارەیەك ( ١٠ ) کرونی سویدیە جگە لە پارەی پوست کردنی.
× ـ لەبەر ئەوەی ڕوژنامەکەمان هیچ پارت و ڕیکخراویکی لە پشتەوە نیە، پیویستی بەپشتگیریی و یارمەتی ئیوەیە:

هەندیك دەبیت بە تاریکی دا بڕوات.ئەوانەی تر بە ڕوناکیا، پیاو تەنها ئەوانەی ڕوناکیە کە دەبینیت. ئەوانەی تاریکیە کە نابینت.

( بریخت )